### پرۆفیسۆر فاگۆن شانۆن

## ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میامی بۆ گوڵان:

# دەبێ لە چەند مانگی داهاتوودا ئەمەریکا بتوانێت ڕێگە لە دەستێوەردانی دەرەکی لە مەسەلەی کەرکووکدا بگرێت



**پرۆفیسۆر فاگۆن کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی میامی، تۆژەر و پسپۆرە لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەروەها میلیشیا چەکدارەکان لە وڵاتانی ئیسلامیدا، سەبارەت بە عێراق چەندین کتێب و توێژینەوەی هەیە و لە هەموویان بەناوبانگتر ئەوکتێبەیەکە بەناونیشانی مۆدیلی سەرکردایەتیکردن و نموونەی توندوتیژی لە مەسەلەی شەڕی عێراق نووسراوە، ئەم کتێبە لەمانگی «١»ی ساڵی «٢٠٠٧» بڵاوکراوەتەوە.**

**شانۆن وەک شرۆڤەکارێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ڕەخنە لە پێناسەی چەمکی سەرکەوتن لە سیاسەتی ئەمەریکا دەگرێت و بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت مەسەلەی سەرکەوتن لە عێراقدا مانای چییە.**

**بۆ شرۆڤە و تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق، بۆچوونی ئیدارەی ئەمەریکی سەبارەت بە خراپبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باری ئاسایشی بەغدا وناوچەکانی دیکەی عێراق گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر فاگۆن شانۆنەوەکرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:**

### چەمکی سەرکەوتن لای ئیدارەی ئەمەریکی ڕوون نییە

ئێستا بۆتە کارێکی قورس سیاسەتزانانی کوشکی سپی بیر لە سەرکەوتن بکەنەوە، لە بەر ئەوەی کۆشکی سپی لە ژێر گۆشارێکی گەورەی ڕای گشتی و کۆنگرێسدایە و کاتێکی زۆریشیان لەبەردەمدا نەماوە و ساڵی داهاتوو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکات، زۆر زەحمەتیشە لەماوەی چەند مانگێکدا بتوانرێت گۆڕانکارییەکی گەورە لە بارودۆخی عێراقدا بێتە ئاراوە، لەم چوارچێوەیەدا، پێناسەکردن و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی سەرکەوتنی شەڕ لە سیاسەتی ئەمەریکادا بۆتە جێگەی باس و خواسی شرۆڤەکار و پسپۆڕانی ئەم بوارە و لە شرۆڤەکردنی ئەم چەمکە چەندین پرسیاری دیکە دێنە ئاراوە، سووربوونی ئیدارەی بوش لەسەر ئەوەی لە عێراقدا سەرکەون، دەبێ چەمکی سەرکەوتن چ مانایەکی هەبێت؟

دەربارەی ئەم واقیعە پرۆفیسۆر فاگۆن شانۆن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:

«ئێستا سیاسەتزانانی ئەمەریکا بە گشتی و سەرۆک بوش و دیک چینی جێگری بەتایبەتی، زۆر بە متمانەوە باسی سەرکەوتن لە عێراقدا دەکەن، لەم چوارچێوەیەدا چەمکی سەرکەوتن ڕاشکاوانە دیار نییە، بەڵام مەبەستیان ئەوەیە هەر جۆرێک بێت سەرکەوتن لەدەست نەدەن، لە باری واقیعیشدا زۆر قورسە ئەمەریکا قبوڵی فەشەل هێنان لە عێراقدا بکات، لەبەر ئەوەی دەخوازێت عێراق وڵاتێکی سەقامگیر و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی و پرۆ ئەمەریکا بێت.

هەروەها شکست یان لەدەستدانی ئەم سەرکەوتنەش کارێکی قورسە لەلایەن گەلی ئەمەریکاشەوە قبوڵ بکرێت، زۆر قورسیشە پاکانە بۆ ئەو قوربانییانەی ئەمەریکا بکرێت کە لە شەڕێکی بێ کۆتاییدا لە ناو دەچن و هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی سەرکەوتنیش دیار نییە.

فەشەل هێنان لە عێراق جارێکی دیکە دەبێتەوە هۆکارێکی خراپ لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕەنگدانەوەی ڤێتنامێکی دیکەی لێدەکەوێتەوە، ئەمەریکا بەسەرکەوتنی لە عێراق دەتوانێت دەرگایەکی بۆ دەستێوەردان لە جیهاندا بۆ واڵابێت، بۆ پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکان.

### کوردستانی عێراق ئارامەکەیە ئەمەریکا ناخوازێت تورکیا بەرەیەکی نوێی بۆ بکاتەوە

هەرێمی کوردستان جیا لەوەی بەشە ئارامەکەی عێراقە و حاڵی حازر سیستەمێکی دیموکراتی لەسەر بنەمای ئابووری و بازاڕی ئازاد بەڕێوە دەچێت، لە هەمانکاتدا ئەم هەرێمە هاوپەیمانی ئەمەریکایە و هاوبەشی سەرەکییە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، بەڵام ئێستا ئەم هەرێمە لەلایەن هاوپەیمانێکی دیکەی ئەمەریکاوە کە تورکیایە و بە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەژمێردرێت هەڕەشەی لێدەکرێت.

ئەوانەی چاودێری بارودۆخی عێراق دەکەن و لە نزیکەوە بە ئاسایش وسەقامگیری هەرێمی کوردستان ئاشنان، ڕێنمایی بەو جۆرە بە ئیدارەی ئەمەریکی دەدەن کە پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان تەنیا ڕێگەی سەرکەوتن بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، دەربارەی ڕەوشی کوردستان وتەنگژەکانی لەگەڵ تورکیا پرۆفیسیۆر شانۆن گوتی:

«بەکارهێنانی زاراوەی کوردستان عێراقێکی

دیکەیە وەک نموونەی هەرێمی سەقامگیری و تەندروستی باشترین ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا و هۆکار وشەرعیەتی ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن لە عێراقدا، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم هەنگاوە ئیجابییانە دەگۆڕێن بۆ پشتگیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کوردستانێکی سەربەخۆ، بۆ ئەمەیان بەڵگەیەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە ئایا ئەمەریکا پشتگیری دابەشکردنی عێراق تەنانەت دابەشکردنێکی ئاشتیانەی عێراق دەکات یان نەء، ئەوەی ئێستا ئاشکریە ئەمەریکا پابەندە بە عێراقێکی فیدراڵی یەکپارچە، دیسان پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە ئایا ئەمەریکا پارێزگاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر ئێوە و پێویستی ئەو پارێزگاریکردنە، من بە گومانم ئەمەریکا بە تەواوی پشتگیری بۆچوونی نەتەوەی کورد بۆ جیابوونەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکپارچە دژی هاوپەیمانێکی ناتۆی کە تورکیایە بکات، یان دژ بەو خواستەی کە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا بۆ یەکپارچەیی عێراق هەیەتی، کەواتە ئەمەریکا دەتوانێت چ ڕۆڵێک لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا بگێرێت، بەتایبەتی لەو مەسەلەیەدا کە ڕێگە نەدا هیچ لایەکیان شەڕ دژی لایەکەی دیکە بەرپا بکات.

پێموایە لەم کاتەدا کە ئەمەریکا هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە سەقامگیری لە عێراقدا دابین بکات هیچ پێویستی بەوە نییە تورکیا لە باکورەوە بارودۆخەکەی لێ ئاڵۆز بکات، هەربۆیە پێویستە ئەمەریکا هەوڵبدات وەک میانگیر تەنگژەکە بەشێوازی وتوێژ و ئاشتییانە چارەسەر بکات، بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا کە ئەمەریکا ئێرانی ئاگادارکردۆتەوە کە نابێ بە هیچ جۆرێک دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات، هەربۆیە لەم بارودۆخەدا واشنتۆن ئومێد دەخوازێت هاوپەیمانەکەی ئاڵۆزی بۆ دروست نەکات.

لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕەفتارەکانی ساڵی «٢٠٠٣» ی تورکیا، لەگەڵ ئەوەی ئەمە بە هەڵە دابنێین یان نەء، بەڵام تورکیا زۆر ڕێزی بۆچوونەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگرێت، هەربۆیە من لەو بڕوایەدانیم ئەنکەرە یەک لایەنەو بەبێ ڕاوێژ و ڕەزامەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەنگاوێک دژی عێراق هەڵبگرێت، ئاماژەکان لە تورکیاوە بەو ئاراستەیەیە، بەڵام مەزندە دەکرێت کە مامەڵەی ئەمەریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان« عێراقێکی دیکە» کاریگەری لەسەر تورکیا هەبێت بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی کورد.

## مەسەلەی کەرکووک دەبێ یەکلایی بکرێتەوە

ئەمەریکا هەمووکات ڕێزی ئیرادەی گەلانی هاوپەیمانی خۆی گرتووە، بێگومان خواست و ئیرادەی گەلی کوردستان پێچەوانەی ئیرادە و سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا نییە، بەڵکو داکۆکی کردنە لەسەر مافێکی ڕەوای خۆی و، گێرانەوەی مافێکە بەشێوازی دەستووری و دیموکراسییانە کە پێشتر بەزەبروزەنگ و سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی لێی زەوت

**ئایا ئەمەریکا پارێزگاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات؟ من بە گومانم ئەمەریکا بە تەواوی پشتگیری بۆچوونی نەتەوەی کورد بۆ جیابوونەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکپارچە دژی هاوپەیمانێکی ناتۆی کە تورکیایە بکات، یان دژ بەو خواستەی کە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا بۆ یەکپارچەیی عێراق هەیەتی**



کراوه، هەربۆیە هەموو هیوا و ئاواتی کورد ئەوەیە ئەمەریکا پشگیری بکات بۆئەوەی دەستێوەردانی دەرەکی و لابەلا لەم مەسەلەیەدا نەبێت، دەربارەی مەسەلەی کەرکووک پرۆفیسۆر شانۆن گوتی:

مەسەلەی کەرکووک و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی مەسەلەیەکی هێجگار قورسە و وەک لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە بە «بومبێکی کاتی» ناوزەد دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئاکامی ئەم ڕیفراندۆمە زۆر هەستیارە و لەوانەیە کاریگەری لەسەر سەقامگیری ڕەوشی هەرێمی کوردستان هەبێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو لە ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆندا داواکرابوو ڕیفراندۆمی کەرکووک دوابخرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری هەرێمی کوردستان نەشێوێت، بێگومان لەم حاڵەتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ لەسەر مەسەلەی کەرکوک هیچ دو دڵ نەبێت و دەبێ هەوڵبدات لە ماوەی چەند مانگێکی دادێ توندوتیژی لەم شارە کەمبکاتەوە ڕێگە نەدات دەستێوەردانی دەرەکی لەم مەسەلەیەدا ڕووبدات، لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت بەسەر هەموو عێراقییەکاندا هەنگاوێکی زۆر پۆزەتیڤە، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆی عێراقیش مەسەلەی داهاتی نەوت ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم مەسەلەی کەرکووکدا، بەڵام مەسەلەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زۆر لە مەسەلەی خاک و ناسنامەی گەورەترە، بەڵکو مەسەلەکە دەستێوەردانی تورکیا و ئێرانە کە دەترسن گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەنگاوێبێت بەرەو سەربەخۆبوونی کوردستان، هەربۆیە پێش هەر هەنگاوێک پێویستە ئەم مەترسییە چارەسەربکرێت و ڕێگە بە دەستێوەردانی دەرەکی نەدرێت.

## مەسەلەی شەڕی ناوخۆی عێراق هەمەلایەن و فرەڕەهەندە

شەڕی ناوخۆی مەزهەبی نێوان عەرەبی سونە و شیعە، شەڕێکی ئاسایی نییە، ڕەهەندی هەمە جۆری هەیە و لە چەندین لاوە دەستێوەردانی دەرەکی تیادا هەیە، ئەم بارودۆخە تەنیا دەرهاوێشەی سیاسی نییە، بەڵکو کاردانەوەی سلبی لەسەر بازاڕ و هاوسەنگی نرخی بەترۆڵیش هەیە، هەربۆیە ناتوانرێت دەستێوەردانی لایەنێکی وەک ئێران بە گرفتی سەرەکی عێراق دابنێرت، دەربارەی ئەم بارودۆخە شێواوە پرۆفیسیۆر شانۆن گوتی:

«من بە تەواوی دڵنیانیم لەوەی ئایا ئەمەریکا دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو فاکتەرە هەمە جۆرانە بێتەوە کە بوونە هۆکاری توندوتیژی لە عێراقدا یان نەء؟

ئەو توندوتیژییەی ئێستا لە عێراقدا هەیە شەڕێکی سادەی مەزهەبی نێوان عەرەبی شیعە و عەرەبی سونە نییە، بەڵکو ئەم بارودۆخە هەڕەشەیە لەسەر پێکهاتەی هەمە ڕەنگی عێراق و هەڕەشەیە لەسەر ئایندەی ئەو وڵاتە بەڵکو ئەم بارودۆخەی عێراق بریتیە لە:

١- سەقامگیری ئیقلیمی
٢- سەقامگیری بازاڕی نەوت
٣- هاوسەنگی نێوان شیعە و سونە
٤- هاوسەنگی نێوان ئێران و دوڵەتانی عەرەبی
٥- پێگەو شکۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە
٦- بەهێزبوونی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە
٧- مەترسی کێشەی کورد

ئەم کێشەی ئەم لایەن و فاکتەرانەی ڕۆڵی تیا دەگێرن، ئەم فاکتەرانە هێندە بارودۆخی عێراقی ئاڵۆزکردووە کە زۆر لە چاودێران پێیان وایە سەرکەوتنی تەواوی تیا بەدەست ناهێنن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لای کەم هەتا جورج بوش لە کوشکی سپی دابێت لەبەرامبەر ئەم واقیعە دەتوانێت ڕابوەستێت دواتر گۆڕانکاری بەسەر دادێت و هەوڵدەدرێت شەڕەکە نەدۆڕێت،

لەم چوارچێوەیەدا ناتوانرێت ئێران بەگرفتی سەرەکی عێراق لە قەڵەمبدرێت و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق بکرێتەوە بیانووی هەموو گرفتەکان و مەسەلەکە هێندە هەڵبکشێت ئەمەریکا بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکاتەوە، پێموایە ئەمەریکا ئەم سیناریۆیە پیادە ناکات لە ئێران بدات، بەڵام هەوڵدەدات ڕێگە نەدات ناوچەکە ببێتە نفوزی ئێران و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە.

## کورد پێویستە زیاتر دووربین بێت ئەمەریکا پشتگیری دەوڵەتانی سەربەخۆیی کوردستان ناکات

کورد ئێستاکە پێکەوەژیانی لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراسیدا هەڵبژاردووە، بەڵام چارەنووسی ئەم عێراقە فیدراڵی و دیموکراسییە ئێستا لەدەستی شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوییدایە و مەزندە ناکرێت عێراق بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا کورد مافی خۆیەتی بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر عێراق دابەشبوو پشت بەکێ ببەستێت و چۆن ئەو دەوڵەتە تازەیە پارێزگاری بکات.

دەربارەی ئەو ئەگەرە پرۆفیسۆر شانۆن گوتی:

«من وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، من پشت بەو ئەگەرە نابەستم کە ئەمەریکا ببێتە پارێزەری دەوڵەتی کوردستان، ئەم دەوڵەتە پێویستە بە ڕەزامەندی ئەمەریکا دابمەزرێت، بەڵام من ڕەزامەندی ئەمەریکا بۆ ئەو دەوڵەتە نابینم، دەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە سەیری ڕەفتاری پێشووی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد بکرێت، ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ پشتگیری کوردی کردووە دژی سەدام حوسێن، ئەویش لە پێناوی ڕووخانی ڕژێمکدا بووە کە خۆی مەبەستی بووە بیرووخێنێت، بەڵام پشتگیری لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد و لە نێو ئەو ڕەتکردنەوەی ئێستا هەیە کارێکە مومکین نییە، ئەگەر سیناریۆی دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دابەشکردنی عێراق بوایە، ئەمەریکا پشتگیری ئەو بۆچوونەی کوردی دەکرد کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدات و سەر بەئەمەریکایە.

بۆیە کە پشتگیری ئەمەریکا هیچ سیمایەکی دیار نەبێت، پێویستە بپرسین ئایا کورد خۆی دەتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات؟

دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە هێزی پێشمەرگە کە ژمارەیان تەنیا ٥٠ هەزار دەبێت و ئیمکانیەتی لوجستی ئەوتۆشیان لەبەردەست نییە، لەچاو ئەو هەڕەشانەی لەسەریەتی بۆیە زۆر زەحمەتە بەتەنها بتوانێت کوردستان بپارێزێت.

لەم چوارچێوەیەدا من وای بەباش دەزانم کورد هەوڵبدات پشتگیری ئەمەریکا بەدەست بهێنێت و هەوڵبدات بە ڕەزامەندی ئەمەریکا هەنگاو هەڵبگرێت، یەک لایەنە هەنگاو هەڵنەگرێت کە ئەمەریکا بخاتە پێگەیەکی ئیحراجیەوە، دەبێ هەموو هەوڵێک بدات مەترسی ئێران و تورکیا لە خۆی دوور بخاتەوە.

**مەسەلەی کەرکووک و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی مەسەلەیەکی هێجگار قورسە و بە «بومبێکی کاتی» ناوزەد دەکرێت**

**مەسەلەکە دەستێوەردانی تورکیا و ئێرانە کە دەترسن گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەنگاوێبێت بەرەو سەربەخۆبوونی کوردستان، هەربۆیە پێش هەر هەنگاوێک پێویستە ئەم مەترسییە چارەسەربکرێت و ڕێگە بە دەستێوەردانی دەرەکی نەدرێت.**